**زانكۆ: سەلاحەددین-هەولێر**

**كۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی**

**بەش: زانستە كۆمەلایەتییەكان**

**قۆناغ: چوارەم**

**بابەت: بینین و ڕاهێنان**

**ناوی مامۆستا: ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر**

**ساڵی خوێندن: 2022-2021**

# پەرتووکی کۆرس
Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | بینین و ڕاهێنان |
| 2. ناوی مامۆستا | ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر سادق |
| 3. بەش/ کۆلێژ | زمانی ئینگلیزی/ پەروەردەی بنەڕەتی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: ardalan.abdulqader@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن 0750 456 12 91 |
| 5. سعات و یەکەی خوێندن لە هەفتەدا | 3 سعات<br>6 یەکە |
| 6. ژمارەی سعاتی کارکردن لە هەفتەیەک | 16 سعات |
| 7. کۆدی کۆرس | .. |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | • ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەدەستهێناوە لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی(Social Pedagogy)، بەدەستهێناوە لە کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان، زانکۆی پەروەردەیی حکومی خارکۆف-ئۆکراینا.<br>• ساڵی ٢٠١٢ دامەزراندن لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠١٢ نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>• ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی دکتۆرا لە پسپۆڕی زانستە پەروەردەییەکان( pedagogical sciences)، بەدەستهێناوە لە کۆلێژی زانستە پەروەردەیی و دەروونیەکان، زانکۆی ئەریۆلی حکومی- ڕوسیای فیدڕاڵ.<br>• ساڵی ٢٠٢٠ نازناوی زانستی (مامۆستا) لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>• مامۆستا لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | چەمکی بینین، کەسیەتی مامۆستا، جیاتاکی، کاراکردنی فێربوونی پۆلی، پلاندان، |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

بابەتی بینین و ڕاهێنان؛ بۆ بەپراکتیزەکردنی پسپۆڕییە بۆ فێرخوازانی قۆناغی چوارەم، کە لە داهاتوودا وەک مامۆستای قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی پسپۆڕی وەردەگرن. لە بینین و ڕاهێناندا، هەوڵدەدەین بنەما گشتیەکانی وانەوتنەوە و ڕەگەزەکانی ڕێکخستن و کۆنترۆلکردنی پۆل بخەینە بەر گفتوگۆ لە ماوەی دیاریکراو. هەروەها باس لە بەڕێوەبردنی پۆل و چۆنیەتی مامەڵەی مامۆستا دەکەین لە کاتی وانەوتنەوەدا بەرامبەر بەو ئاستەنگ و ئاریشانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، چۆنیەتی مامەڵەی مامۆستا لەڕووی پەروەردەیی و دەروونیەوە ڕوونەدەکەینەوە.

لەم کۆرسەدا جگە لە ڕۆڵبینینی فێرخوازان وەک مامۆستا لەکاتی ڕاهێناندا، بەشێوەی گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامیش گەنگەشەی ئەرکی مامۆستایی و سیفەت و لێهاتوویيەکانی دەخەینە بەر باس.

**11- ئامانەکان لەم کۆڕسە؛**

دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە داهاتوودا پسپۆڕی وەردەگرن لە بەشی جیاواز بەمەبەستی ئامادەکردنیان وەکو مامۆستای قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، بابەتی بینین و ڕاهێنان لە قۆناغی چوارەمدا، بەمەبەستی پراکتیزەکردنی پیشەیی مامۆستاییە لەلایەن قوتابیانی قۆناغی چوارەم. واتا بەشێوەیکی مەیدانی سەردانی قوتابخانەکان دەکەن و ئامادەی وانەکان دەبن بەمەبەستی فێربوونیان، هەروەها بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی بابەتە تیۆرییەکان و چۆنیەتی پراکتیزەکردنیانوە بەشێوەیکی گشتی:

1- دووبارە ئاشنای بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەرونزانی پەروەردەیی دەبن.

2- کەسیەتی پیشەییان کە مامۆستاییە لە داهاتوودا، گەشە دەکات.

**12. ئەرکەکانی قوتابی؛**

پێویستە قوتابی لە بابەتی تیۆری ئامادەبێ، بەشداری سەردانی قوتابخانەکان بکات و ئامادەبێت لە وانەکاندا وەک گوێگر، دواتر ئامادەکردنی کورتە ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی سیمنار ئەرکی قوتابییە.

**13. ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە؛**

1. ڕێگای وانەی ئامادەکراو.
2. ڕێگای پرسیار و وەڵام.
3. سەردانی مەیدانی قوتابخانەکان.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن؛**

یەکەم: (30%) نمرەی کۆششی کۆڕس لای مامۆستای بابەت

دووەم: لەکاتی ڕاهێنان؛

1. 30% نمرە لای سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.
2. 30% نمرە لای سەرپەرشتیاری زانستی.
3. 10% نمرەی لای بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەی قوتابی تیایدا ڕاهێنان دەکات.

**15. دەرئەنجامەكانى فێربوون:**

قوتابى بەرێز؛ وەرگرتنى بابەتەكانى كۆرسى بينين و ڕاهێنان بە پابەندبوونى ئێوە لە ئامادەبوون و بەشدارى لە سەردان قوتابخانەكان، هەروەها بە زانيارى و سەرنجەكانى ئێوە دەبێتە هۆى:

1- گەشەكردنى ئاستى مەعريفى لەخوێندنەوە و بەدواداچوون لە سەرچاوەكانى بابەتە پەروەردەييەكان، ئەمەش يارمەتيدەر دەبێ لە ژيانى ڕۆژانە. چونكە پەروەردە پرۆسەيێكى بەردەوامە و پێويستە لە تيۆرەكانى فێربوون و پەيوەندى نێوان مامۆستا و قوتابى، بۆيە هەموو تاكێك سوود وەردەگرێ بەتايبەت بۆ خودناسى و زانينى توانا و لێهاتوويەكانى منداڵ و چۆنيەتى ڕوودانى فێربوون.

2- لە ڕووى كۆمەڵايەتيەوە دەتوانى سوودى وەرگرى، ئەگەر حەزى بەدواداچوونى خۆت تەريب بكەى لەگەڵ سەرچاوەكانى ئەم بابەتە. هەم بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ خوديەتى خۆت و چۆنيەتى نواندنى هەڵسوكەوت لەژينگەى كۆمەڵايەتيدا، هەميش بۆ باشتركردنى پەيوەنديەكانت لەگەڵ كەسى بەرامبەر. لەبەرئەوەى ئێمە بەهۆى هەڵسوكەوتەكانمانەوە پەيوەندى لەگەڵ بەرامبەر دەبەستين.

3- ئەگەر شارەزاييەكانت لە پسپۆريەكەت فراوان بكەى وگەشە بە زانياريیە تيۆرييەكانى بوارى فێربوون و فێركردن بدەى لە بوارى زانستە دەروونيەكان، بەدڵنياييەوە لە مەيدانى كاركردن بۆ پسپۆرى خۆت دەرفەتى باشتر بەدەستدێنى. لەبەر ئەوەى پيشەى مامۆستايى گرێدراوى تەواوى زانستە پەروەردەيى و دەرونيەكانە بۆ ناسينى منداڵ.

**16. پێرستى بابەتەكانى كۆرس؛**

**هەفتەى(1):** چەمكى بينين

**هەفتەى(2):** گرنگى پرۆسەى بينين

**هەفتەى(3):** ئەركى قوتابى لەكاتى بينين و فۆرمى هەڵسەنگاندن

**هەفتەى(4):** كەسايەتى مامۆستا

**هەفتەى(5):** ئەركى مامۆستا

**هەفتەى(6):** كارايى و كارگێڕى پۆل

**هەفتەى(7):** شێوازەكانى وانەوتنەوە

**هەفتەى(8):** ڕەچاوكردنى جياتاكى قوتابيان لەكاتى وانەوتنەوە

**هەفتەى(9):** پلانى وانەوتنەوە

**هەفتەى(10):** پابەندبوون لەكاتى ڕاهێنان

**هەفتەى(11):** شێواز و بنەماكانى فێركردنى كارا

**هەفتەى(12):** برگەكانى فۆرمى هەڵسەنگێنەرانى پەروەردەيى و زانستى

**هەفتەى(13):** جياتاكى، جۆرەكانى و گرنگى جياتاكى، كاراكردنى فێربوونى پۆلى.

**هەفتەى(14):** هەڵسەنگاندن، جۆرەكانى هەڵسەنگاندن، بنەما سەرەكيەكان بۆ هەڵسەنگاندن

**هەفتەى(15):** دەستپێكردنى ڕاهێنان

**17. لیستی سەرچاوە؛**


1. د. عبدالقادر مراد، معلم الصف وأصول التدريس الحديث، دار الأسامة/ عمان 2005.
2. د. محمود حسان سعد، التربية العملية بين النظرية والتطبيق، دارالفكر، الطبعة الأولى/عمان 2001.
3. د. عمر عبدالرحيم نصرالله، أساسيات في التربية العملية، دار الوائل، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2001.
4. د. ميسون الدويري، دليل التربية العملية (معلم صف)، د. بسام القضاة، دار الفكر، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2012.


**18.بابەتی پراكتیك؛**

بینی و ڕاهێنان؛ بابەتێكی پڕاكتیكیە، لە كۆڕسی یەكەم، قوتابیان هەفتانە بەشداری دەكەن لە ئامادەبوونی پرۆسەی وانەوتنەوە لە یەكێك لە قوتابخانەكان بەمەبەستی بینینی چۆنیەتی وانەوتنەوە و كەشی ناو پۆل. هەروەها لە كۆڕسی دووەم، قوتابیان ڕۆلی مامۆستا دەگێڕن و وانە دەڵێنەوە لە قۆناغەكانی خوێندنی بنەڕەتی.

**19. تاقیكردنەوەكان؛**

بینین و ڕاهێنان؛ بابەتێكی پڕاكتیكییە، تەنها هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەشداربوونی قوتابی دەكرێت لە پۆلدا، وە هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامدانی ڕاپۆرت و سیمنار دەكرێت كە لە كاتی بینیندا ئامادەی دەكەن.

**20. تێبینی:**

1- قوتابیان دەتوانن ئەو سەرچاوانەی كە ئاماژەمان پێكردوون بەكاربێنن، هەروەها لە سەرچاوەی تری پەیوەندیدار بە تەوەری بابەتەكان زانیاری وەربگرن و بەكاریبێنن لە گفتوگۆی ڕۆژانە و پرسیار و وەڵامەكانی تاقیكردنەوە.
2- ئەگەر بە پێویست زانرا بە ڕاوێژ لەگەڵ قوتابیان، ئەتوانرێ دەسكاری تەوەری بابەتەكانی ئەم كۆڕسە بكەین.